
# ئەو ژنەی کە داوای لێ بوردنی لە سەدام نەکرد




## کەمن ئەو ژنانەی ڕچە دەشکێنن و ئەبنە ئوولگۆ

ڕوناک ئەحمەد کۆڵن
Runnak@hotmail.de

بێ گۆمان بە درێژایی مێژووی کورد لە هەر کاتدا بوار ڕەخسابوبێ وە پیاو ڕێ گری نەکردبێ ئەوا ژنی کوردیش سەربەرزانە بە هەقی خۆی زانیوە بەرگری لە خاک و نەتەوەکەی بکات. وە توانیویەتی جێ پە نجەی خۆی دیاری بکات.بەلام بەداخەوە لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا تا ئێستاش هەندێ کارو خەبات سنورداره بۆ ژنان. یان پیاوان بە هەقی ژنی نازانێ زەمینەی بۆ خۆش بکات و هاوکات کارو خەبات پێکەوە بکەن . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەم و کولتورە کۆنانەی کە لە مێژووی ئێمەدا ئیشی نێر و مێ جیا کراوەتەوە.هەر ئەو عورف و عادەتە کۆنەیە وای کردوە کە تا ئێستاش ئەو ژنە قارەمانانە کە لە مێژودا خەباتیان کردوە بیان خاتە پەراوێزەوە. وە نە بە پێی پێویست یادیان بکرێتەوەو نە ڕێزیان لێ بگیرێت. وەک وەفایەک بۆ یان و وەک هاندانیک بۆ ژنانی تری گەلەکەمان تا بتوانن لە بواری سیاسەت و هونەرو چەندین بواری تر دەوریان بێت.لەیلا قاسم لە ڕۆژیکی وەک ئەمرۆدا، (هەرچەندە لەسەر ڕۆژی شەهید بۆنیان قسەی جیا جیا هەیە) لە 12، یان13 /1974/5 لە گەڵ چوار هاوریی قارەمانیدا کە یەکێکیان دەستگیرانی بوو بە ناووی جەواد ، گیانی خۆی بەخت کرد بۆ نیشتیمانە کەی.

.ئەمە جێگەی شانازیە بۆ گەلی کورد و بەتایبەتی ژنان، .ساخ نەبونەوە لە سەر ڕۆژێکی مێژویی و دیاری وەها کە لە وەختی خۆی سەرتاپای کوردستانی هەژاند وە تا ئەمرۆش باس دەکرێ . بێ بایەخی خەبات و ڕۆڵی ژنی کورد دەردەخات لای سیاسەت وانان و مێژو نوسانی کورد . .ئێمە وردەکاریەکانی لانی کەم هەزار ساڵی مێژوی عەرەب دەزانین ، بەلام سی ساڵ تێپەر بوە بەسەر ئەم ڕوداوە زۆربەی هاوریەکانیان ئێستاش ماون و زیندون و لەناو خەباتی کوردایەتیدان بەڵام لە ڕاگەیاندن و ئەو نوسینانەی لەم بارەیەوە دەیان بینین ئەوەی پێوە دیارە کە ڕۆژی لە داردانیان و ژمارەی ئەو تێکۆشەرانە نادیارەو قسەی جیاجیا دەکرێ لە شوێنێ باس لە لەیلا قاسم و چوار هاورێی لە شوێنێکی تر باس لە زیاتر لە چوار هاورێی دەکرێ،.لە لایەکی تر باس لە12 یان5/13 دەکرێ . خاڵێکی تر ئەوەیە ئێمە بۆ ڕێز گرتن لەو تێکۆشرانە ی گیانی خۆیان بەخت کردوە بۆ نیشتیمان پێویستە وەک یەک یادیان بکەینەوە بە تایبەتی ژنانی کورد پێویستە میژوی ئەو ژنە قارەمانانە بەرزو پیرۆز ڕابگرن .

بێگومان لەم بوارەشدا کەم ترین نرخ بۆ ژن دانراوە. لە کاتێکدا لەیلا قاسم وەک یەکەمین ژن لە مێژوی عێراقدا لە دار درابێت یەکەمین ژنی کوردیشە کە بۆ نەتەوەکەی لە دار درابێت وە سەربەرزانە ئامادە نەبو پاکانە بکاو داوای لێ بوردن بکات بۆ ئەوەی لە داری نەدەن. بەڵام لە دوای ئازادی باشوری کوردستان هیچ ڕێزێکی شایستەی لێ نەگیراوە بە پێی پێوست کە بەقەدەر گیانی لەیلا گەورە بێت.

*من پێشنیار دەکەم و داوام لە وەزارەتە پەیوەندی دارەکانی حکومەتی هەرێم ئەوەیە کە ڕۆژی شەهید بوون و لەداردانی لەیلا قاسم ساخ بکرێتەوەو بکرێتە ڕۆژی ژنی کورد.

2007/5/13